ماموّستاكان زوّر هاوكارم بوون" لەنێوپەیمانگاشدا ئیتر ئەو دەبێتە یەكێك لەدیارترین ئەو خوێندكارانەی كە دەتوانێت خوّی بناسێنێت و بەدەنگی گوێگران سەر سام بكات ئەمەش لەفێستیڤاڵی سالانەی بەشی موزیكی پەیمانگادا" یەكێك لەوشتانەی كەزوّر یارمەتی منی داوەو سوودم لێبینیوە فێستیڤاڵەكانی پەیمانگابووە كەمن وەك گورانی بەژداریم تێدا كردووە، بوّ ئەمەش زوّر سوپاسی هەردووماموّستای بەرێزم ماموّستا ئەنوەرو ماموّستاعادل دەكەم و وەهیوای چاك بوونەوەشیان بوّدەخوازم"

هەر خوێندكارێك لەنێوپەیمانگادا كە لەبەشی موّسیقادا دەخوێنێت ئامێرێك هەڵدەبژێرێت بوّ ئەوەی خوّی لەسەر رابهێنێت و كاری پێبكات، ڕێناس لەنێو ئامێرەكاندا ئامێری (عود)ی هەڵبژاردووە " لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئارەزوی مندا دەگونجێت و هەستدەكەم لەرۆحی منە" هەموو مرۆڤێك لەژیانیدا بەبێ خواستی خوّی هەڵگری كێشەیەك یان زیاترەو هەندێكجار ڕەنگە بەدرێژای تەمەنی ئازاری بدات،ئەو شتەی كەبەردەوام ئازاری ڕێناس دەدات نەبوونی دایكێتی، هەرچەندە باوكی بوّئەو ئەو شوێنەی پڕكردۆتەوە" ئەوشتەی كەئازارم دەدات ئەوەیە كەهەست بە نەبوونی دایكم دەكەم ئەمەبۆمن زوّر ناخوّشە.. هەرچەندە باوكیشم جێگای هەردووڕەگەزەكەی بوّ كردووەمەتەوە باوكایەتی و دایكایەتی بەلام هەرشتێكی ناخوّشە حەزدەكەم ڕوّژێك لەڕوّژان ئیشێكی باشی بوّ بكەم كەقابیلی ئەوەبێت كەهەستم پێنەكردووە"

هەركەسێك وە هونەر مەندێك لەژیانیدا بەدەنگی كەسێك كاریگەرە "زۆرن ئەوانەی كەمن حەزم لەدەنگیانە، لەوانە عەدنان كەریم ماموّستارەفیق چالاك –ماموّستا سالّح دیلان – ماموّستا عەلی مەردان، وەلەونێو ئەو گەنجانەی كەئارەزویان دەكەم زیاد ئەسعەد و چۆپی"ڕەنگە بوّ ئێستای ڕێناس گرنگترین شت تۆماركردنی سێدیەك بێت "بەدڵنیاییەوەبیرم لەتۆمار كردنی كۆمەڵە بەرهەمێك كردووەتەوە، بوّئەمەش دەبێت كەسێك هەبێت یارمەتیت بدات ،بەڕاستی من ماموّستا ئەنوەر زوّر هاوكاری كردووم بەلام ئەوەبوو ئەو ڕوداوەی بەسەردا هات، ئەگینا زوّركارمان بەدەستەوە بوو" تۆمار كردنی كۆمەڵە بەرهەمێك پێویستیەكی زۆری بە یارمەتی مادیو مەعنەوی هەیە ئیتر ئەم یارمەتییە لەلایەن حوكومەتەوە بێت یاخود ئەو كۆمپانیایانەی كە لەم بوارەدا خەریكی كارن، بەلام ئەوەی كەهەستی پێدەكەین ئەوەیە كە ئەمانەش كاتێك كارێك دەكەن هەست بەجیاوازی دەكەیت لەنێوان ئەوانەی كەچەندین ساڵە خەریكی كارن‌و ئەوانەی كەسەرەتای كاریانە"ئەو شوێنانەی كە هاوكاریم بكەن زۆر كەمن ئەوە من چوار ساڵە لەپەیمانگام بێجگە ماموّستاكانم كەسی تر هاوكاری نەكردووم، وەكەس لەدەرەوە نەهاتووە بڵێت وەرە من ئەو ئاوازەم هەیە یاخود ئەو هۆنراوەیەم هەیە بیكەبەگۆرانی .. ئەوەی كەهەیە زیاتر بوّ ئەوانەی دەرەوەیە" ڕێناس زیاتر ئەمە دەگەڕێنێتەوە بوّ" لایەنە تیجارییەكەی" ئەو بوّ ئەوەی گۆرانییەك بڵێت سەرەتا ئاوازێك دیاری دەكات وە بوّ هۆنراوەش " من زیاتر ئەو هۆنراوەیە هەڵدەبژێرم كەنزیكە لەهەستی خوّم و گونجاوە بوّ ئەو ئاوازەی كەدامناوەو دەمەوێت بیكەم بە گۆرانی "

ڕێناس بەدەر لەكاری موزیك‌و گۆرانی و لەدەرەوەی ئەمانە لەماوەی چەند مانگی ڕابووردوودا وەك ئەكتەر لەفیلمی (ژانی گەل )دا ڕۆڵی بینی سەبارەت بەكار كردنی لەم فیلمەدا دەڵێت"من ڕۆژێك لەڕۆژان قەت ئەوەم لە خوّم ڕانەدەبینی وەك ئەكتەرێك بچمە بەردەم چاوی كامێرا، ئەوە قورس بوو بوّ من چونكە لەڕاستیدا خوّم دانەناوە بوّ شتێكی وە ها، یابابڵێم من ئەو بوارەم هەڵنەبژاردووە، لەرێگەی سیروان جەلالەوە دەرهێنەرەكەم كاك جەمیلی ڕۆستەمی هەڵی بژاردم ..هەرچەندە زوّر قورس بوو..وەمنیش كارم كرد بەلام هیچ ناڵێم با باسكردنی هەڵگرین تائەو كاتەی كەفیلمەكە تەواو دەبێت "

تۆ لەفیلمێكی سینەمای ئاوادا بەژداریت كرد، لەنێوان كارەكەی خۆت وەك موزیك و گۆرانی و هونەری سینەما هەستت بەچی جیاوازییەك كرد" ناتوانم هیچ شتێك بڵێم لەو بارەوە چونكەمن هیچ شارەزاییەكم لەبواری هونەری نواندندا نییە، بەلام ئەوەندە دەتوانم بڵێم كارەكان زوّر زوّر جوان بوو" كلیپ وەك یەكێك لەو ڕەگەزانەی كەئەمڕۆ لەگۆرانیدا كاریگەرەو گرنگی پێدەدرێت بووە بەهۆیەك بۆناساندنی گۆرانی بێژ ڕێناس پێی وایە"مەرج نییەكلیپ ببێت بەهۆیەك بۆناساندنی هونەرمەندو سەرنجڕاكێشانی خەڵك، چونكە بەڕاستی كلیپی ئێستا هیچی لەكلیپ ناچێت...هەمووی بووەبەوەی كە ئافرەتێك بهێنرێت‌و سەمای پێبكرێت"شێوازی گۆرانیوتنی ڕێناس ئەوەی كە تائێستا گوێمان لێبووە زیاتر ئاوازی فۆلكلۆرو مەقامات بووە "من دەتوانم مەقام بڵێم وەلەخۆشم ڕادەبینم وەبۆ گۆرانییە كۆنەكانیش بەهەمان شێوە.."بوّ هەركەسێك كەكارێكی هونەری دەكات ڕەنگە گرنگترین شت ئەوەبێت كەشێوازێكی تایبەتی كاركردنی هەبێت "من حەزدەكەم شێوازی كار كردنم – پۆپ شەرقی بێت – وەپێم خۆشە لەگەڵ گروپێكی تەخت شەرقیدا كارەكانم بكەم وەزۆر حەزدەكەم كارێكی ئۆركسترای باش بكەم ..بەلام دەرفەت نەبووە بەهۆی ئەوەی كەتائێستامن خوێندكارم لەپەیمانگا.. ڕاستی ڕەنگەمن نەتوانم بەباشی قسەیەك لەسەر خوّم بكەم چونكە كارێكی تایبەت بەخۆم نییە واتە سیدییەك كەسەرجەمی كارەكانی هی خۆم بێت " ئەو زۆر سوپاسی باوكی‌و ڕێینی بەرای دەكات "من زۆرسوپاسی باوكم دەكەم چونكە بەڕاستی ئەو هاوڕێ بووە وەك ئەوەی باوك وە ڕێینی برام هەرچەندە دووره بەلام هەمیشە لەگەڵ هەموو كارێكمدا تەلەفۆنم بۆ دەكات و دەستخۆشیم لێدەكات "